چیرۆک



هیوا حوسێن ئەمین

چیرۆکی تەنز

# مامم قارەمانێکی بێوێنە



ئەو هەمیشە باسی ئازایەتی خۆی بۆ دەکردین، کە باسی لە شەڕەکانی سەردەمی لاوێتی خۆی دەکرد، لەگەڵ قسەکانیدا مشتەکانی توند دەکرد و هەڵدەستایە سەر ئەژنۆ، ئێمەش دەترساین و خۆمان دەپاراست نەوەک ئاگای لە خۆ نەمێنێت و مشتێک بدات

بەدەممماندا، من هەمیشە دەمخواست وەک مامم ئازابم و منداڵەکانی گەڕەک لێم بترسن، هەندێک جار کاتێک مامم چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە، من خەیاڵ دەیبردمەوە و لە خەیاڵمدا دەبووم بە پاڵەوان و هەموو منداڵانی گەڕەک دەبوون بەدەست و پێوەندم، کە مامم دەپەیڤی هەموومان بەرامبەری دادەنیشتین و بێ ئاگایانە دەممان دەکرایەوە، بەڵام زۆر جار باوکم قسەکانی بە مامم دەبڕی و دەیگوت: کورە واز لەم قسانە بهێنە، مێشکی ئەم منداڵانە بە شەڕ پڕ مەکە.

ئەویش دەیگوت: کاکە من حەز دەکەم برازاکانم وەک خۆم ئازابن، تا کەس نەتوانێت شەڕیان پێ بفرۆشێت.

ئیتر باوکم بە سیلەیەکی چاو تەماشایەکی مامی دەکرد و بزەیەکی دەکرد و بەجێی دەهێشتین.

هەموو جارێک بە باوکمی دەگوت: کاکە بۆ رێگە نادەیت ئەم منداڵانە لەگەڵ خۆم ببەمە گوند تا لەوێ تۆزێک هەوای پاک هەڵمژن و بە دڵی خۆیان گەمە بکەن، تۆ تەماشایان بکە چەند رەنگ زەرد و بێ خوێنن.

باوکیشم چونکە حەزی نەدەکرد لێی دوور بکەوینەوە، بۆیە رێگەی پێ نەدەداین.

ئەم جارەیان مامم زۆری لە باوکم کرد تا من لەگەڵ خۆی بەرێ، بەڵێنی ئەوەشی بەباوکم دا کە هەفتەی ئایندە لەگەڵ خۆی بمهێنێتەوە، باوکم لە ژێر گوشاری مامدا ناچار بوو رێگەم بدات، ئیتر خەریکبوو لە خۆشیدا بفرم، لە دڵی خۆمدا دەمگوت، ئیتر یەک هەفتە بە دڵی خۆم تا شەوان خەو دەمباتەوە گوێ لە داستانەکانی دەگرم.

کاتێک لە دەرگەی دەرەوە تێ پەڕیین ئاوڕێکم بۆ دواوە دایەوە و بە چاو بە خوشک و براکانم گوت من تازە نیازم هاتە دی، ئەوانیش هەر بە چاو پێیان دەگوتم خۆشی لە خۆت.

گەیشتینە لای ئۆتۆمبیلەکەی مامم کە لە پارکی ئۆتۆمبیلەکان راگیرابوو، مامم گوتی: کورم لێرە راوەستە دەچم جووتێک نەعلی ئەسڵی بۆ مامۆژنت دەکڕم، بە ناشوکری نەبێت هەموو شتەکانی بازاڕ پڕن لە فرۆفێڵ .

پاش کەمێک گەڕایەوە و بەرەو گوند کەوتینە رێ، ئێوارەیەکی درەنگ

گەیشتینە ماڵ، هەر لە دەرگە چووینە ژوورەوە مامۆژنم دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ: بەزیادی خێرم نەکرد، بەم ڕۆژگارە بوومە بە نۆکەر ئیتر تاقەتم تێدا نەماوە.

– کچێ تۆزێک هێواش ئەو کوڕەی برازام لەگەڵە.

مامۆژنم هەڵوەستەیەکی کرد و چاوەڕوانی هاتنەژوورەوەی منی کرد، کە منی بینی پەلاماری دام و دوو ماچی کردم و گوتی: ئەی بەقوربانت بم، ئەوە کورە لاڵ بوویتە بۆ ناڵێیت هینی برازام لەگەڵە «مامۆژنم ئەوەندە دەمێک بوو منی نەدیتبوو ناوی منی لەبیر چووبووەوە».

چەند ڕۆژێک تێپەڕ بوو مامم هیچ داستانێکی بۆ نەگێڕامەوە، کاتێک داوام لێ دەکرد، تەماشایەکی مامۆژنمی دەکرد و دەیگوت: بەخوا تاقەتم نییە.

ئەو مامەی لە ماڵی خۆمان دەمبینی زۆر جیاواز بوو بە پێچەوانەوە مامۆژنم قسەی دەکرد و مامم بێدەنگ و کز دادەنیشت، ڕۆژێک مۆڵەتم لە مامۆژنم وەرگرت تا لەگەڵ منداڵانی گەڕەک یاری بکەم و چوومە کۆڵان، مامم بینی گەڕایەوە ماڵەوە، پاش تۆزێک دەستم لە گەمە هەڵگرت و گەڕامەوە ماڵەوە، چیم بینی ...!!! مامۆژنم دەستی داوەتە نەعلی تازە و کەوتووەتە سەر و گوێلاکی مامم، کاتێک مامۆژنم منی بینی دەستی لە لێدانی مامم هەڵگرت، مامم دەستێکی بە قژە شێواوەکەیدا هێنا و بزەیەکی پڕ شەرمەزاری و ئازاری کرد، پرسیارەکانی منی باش دەخوێندەوە بۆیە بە تەریقییەوە گوتی: کوڕم هیچ نییە ئەوە نەعلە تازەکە تاقی دەکەینەوە بزانین ئەسڵە یان عادی، هەموو شتێک وا باشە بەکردەوە تاقی بکەیتەوە "تەماشایەکی ئامۆژنمی کرد" وا نییە ژنەکە؟

مامۆژنم وەڵامی نەدایەوە و مۆڕەیەکی لە مامم کرد و چووە ژوورەوە.

ئیتر لە پاش ئەم ڕووداوە هەر کاتێک مامم دێتە ماڵی ئێمە و داستانەکانی دەگێڕێتەوە، هەرچەندە ئەو داستانانە لای من بایەخیان نەماوە، تەماشایەکی من دەکات و دەڵێت وا نییە؟

منیش هیچ ناڵێم و هەڵدەستم و دەچمە دەرەوە.

٢٠٠٥/٨/٢٣